# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پەلەپیتکە، وفەرمووی: نە ڕاو دەکوژێـت، ونە زیان بە دوژمن دەگەیەنێت، بەڵکو چاو کوێر دەکات، وددان دەشکێنێت

لە عبداللەی کوڕی موغەفەلەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێـت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پەلەپیتکە*، وفەرمووی: «نە ڕاو دەکوژێـت، ونە زیان بە دوژمن دەگەیەنێت، بەڵکو چاو کوێر دەکات، وددان دەشکێنێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: «کەسێکی نزیکی ئیبن موغەفەل خەریکی پەلەپیتکردن بوو، و(ئیبن موغەل) پێی ووت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پەلەپیتکە»، پاشان کەسە نزیکەکەی دیسانەوە هەر بەردەوام بوو لەسەر پەلەپیتکە کردن، (ئیبن موغەفەل) ووتی: «پێت دەڵێم کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێی کردووە، وپاشان هەر بەردەوامیت لەسەر پەلەپیتکە کردن! هەرگیز قسەت لەگەڵدا ناکەم». *(پەلەپیتکە -خەزف: الخَذْف- : شێوەیەکی وەشاندنی وردە بەردە بە بەکارهێنانی پەنجەکانی دەستی ڕاست وچەپ)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عبداللەی کوڕی موغەفەل -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پەلەپیتکە*، و -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (نە ڕاو دەکوژێـت) ولە گێڕانەوەیەکدا: (نە هیچ ڕاوێک دەکات) (ونە زیان بە دوژمن دەگەیەنێت، بەڵکو چاو کوێر دەکات، وددان دەشکێنێت). پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکردووە چونکە دەبێتە هۆی شێواندن وکوێربوونی چاو وشکاندنی ددان وزیانگەیاندن بە کەسی بەرامبەر ئەگەر بەردە بچووکەکە لێی بدات. (نە ڕاو دەکوژێـت): چونکە بەردەکە ئەوەندە بەهێز نییە بەڵکو بچووکە. (ونە زیان بە دوژمن دەگەیەنێت): واتا دوژمن وزیانەکانی دوورناخاتەوە بەڵکو ئەوەی دوژمن دووردەخاتەوە وزیانی پێدەگەیەنێت بریتیە لە تیر وکەرەستە جەنگیەکان نەک ئەم بەردە بچووکە. وپاشان خزمێکی عبدالله خەریکی پەلەپیتکە کردن بوو، وئەمیش (عبدالله) نەهی لێیکرد وباسی ئەوەی بۆ کرد کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پەلەپیتکە، وپاشان بینی خزمەکەی هەر بەردەوامە لەسەر پەلەپیتکە کردن، وپێی ووت: (پێتم ووت کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پەلەپیتکە، وتۆیش هەر بەردەوامیت لەسەر پەلەپیتکە کردن!! هەرگیز قسەت لەگەڵدا ناکەم) بۆیە جێی هێشت وهەجری کرد؛ چونکە ئەو پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەڵسوکەوتی کرد. *(پەلەپیتکە -خەزف: الخَذْف- : شێوەیەکی وەشاندنی وردە بەردە بە بەکارهێنانی پەنجەکانی دەستی ڕاست وچەپ)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3080